# شانۆ: تایبەتنامەی ڕۆژانەی یەکەمین مێهرەجانی شانۆی کوردی ـ خەرمانانی ٧٨ ـ سەقز

ژمارەی (٢)









ووت و وێژ

هەواڵ

نوور و شانۆ

امام خمینی(ره)

**هنر ترسیم روشن عدالت، شرافت و انصاف و تجسم تلخکامی گرسنگان مغضوب قدرت و پول است.**

## دەنگ دەمێنێتەوە...

گەرچی دەنگمان ساوایە بەڵام لە ناخمانەوە هەڵدەقوڵێ و بڕوایەکی پتەوی لە پشتە، جیاوازی نێوان نەتەوەکان شتێکی ڕواڵەتیەو مرۆڤایەتی سەرەکی‌ترین مەبەستە، هەربۆیە هەرچی مرۆڤە خۆشمان دەوێ؛ مێهرەجانی شانۆی کوردیش یەک بە خۆی هاواردەکا پیرۆزبێ دۆستایەتی و برایەتی هەموو گەلانی جیهان.

دەستەی نووسەران

### ناسنامەی شانۆ

بەرپرس: عوسمانی کەریمی
دەستەی نووسەران: عەلی زەفەر قەهرەمانی، ئازادی کەریمی، موستەفای زەفەر قەهرەمانی، سولەیمانی مەحموودی
ویراستار: زاهیدی ئارمی
هادی یەزدانی
پیت‌چین: سورەیای غەفاری
تەراحی ئارم:
مستەفای زەفەر قەهرەمانی
وێنەگری تایبەت:
سولەیمانی مەحموودی
تەکثیر: فاتێحی سالحی

# گزارش روز دوم

دیروز جمعه روز دوم جشنواره با نمایش «هیوا» اثر آقای فریدون حامدی آغاز شد، تم نمایش، داستان انسان امروز و تلاش او برای رسیدن به حقیقت و آرامش است. کسی که همهٔ مکاتب بشری را آزموده و سپس با استدلال و منطق به اسلام روی آورده و در جریان جنگ و گریز دو دستهٔ قدرتمند به کلیسا پناه می‌آورد. در آنجا با راهبه‌ای که او هم درگیر مسائل ذهنی خویش است آشنا می‌شود. در پایان به خاطر برخی موانع، عشق هیوا و سنر ناکام می‌ماند و هیوا دوباره به دنیای پر از خشونت و جنگ برمی‌گردد. پس از پایان نمایش، جلسهٔ پرسش و پاسخ منعقد گردید و حاضران از آقای حامدی سؤالات خود را پرسیدند نکته‌ای که جالب به نظر می‌رسید و موجب دلخوری بعضی از حاضران گردید صحبت‌های آقای ایرانپناه مجری برنامه بود که موجب سکته در گفتگوهای سئوال کنندگان و کارگردانان می‌شد. در بعدازظهر نمایش «مهر و وفا» کار آقای علیرضا اسماعیلی به روی صحنه آمد.

در ساعات پایانی روز، کارناوال کردی را بچه‌های ایلام، سقز و سنندج در پارک مولوی کرد برگزار کردند. هجوم بی‌سابقه و ازدحام جمعیت جالب توجه بود. بلواری که مشرف به رودخانه سقز است و عنوان تفریحگاه را دارد، مملو از جمعیتی بود که دوست داشتند این کارناوال جالب را ببینند. لباس‌ها و سربندهای زنان «پهله» با کل‌های ممتدشان و ضربهٔ پای مردان ایلامی و دهل و سرنای خوش‌نوا با طبل گروه‌های رقص «سۆران» و فرمانهای «میر نەوروزی» و عروسک «بووکەبارانێ» صحنه‌ای را آفرید که در نوع خود بی‌بدیل بود. در پایان کارناوال از گروه ایلام خواسته شد که نظریات خودشان را بگویند، آنها خیلی مهربانانه با لهجهٔ زیبای «فەیلی» جواب دادند: خیلی خوب و شایان توجه بود و

**پیام گروه تئاتر ایلام: بەینی چەم و دنانم لەکامیان فەرق بزانم!**

آیندهٔ این کارناوال را خوب می‌بینیم، پیام ما به کردهای استان کردستان و آذربایجان‌غربی این است: ما آمده‌ایم پیام دوستی کردهای گوران را به شما برسانیم، دوستتان داریم. وقتی از آنها پرسیدیم آیا دوست دارید سال آینده جشنواره تئاتر کردی در سقز برگزار شود یا در یکی دیگر از شهرهای کردنشین؟ پاسخ دادند چه فرقی بین چشم و دندانم بگذارم! بعد از شام نمایش «عروسک برف» کاری از گروه تئاتر بانه روی صحنه رفت که با استقبال خوب تماشاگران روبرو شد. ناگفته نماند دکتر صادقی با طرح گلایه‌ای دلخوری خود را از بعضی مسائل جانبی بیان کردند. همچنین باخبر شدیم کارگردان گروه تئاتر کرمانشاه آقای هومن روح‌تافی کسالت داشته‌اند و به بیمارستان منتقل شده‌اند آرزوی سلامتی ایشان را داریم.

آزاد کریمی

# مێهرەجانی شانۆی کوردی بۆ؟

نازانم مەبەست لە وشەی کوردیی چیە کە لە پاڵ وشەی «شانۆ»دا هاتووە. وشە کە لەباری زمانەوانییەوە. وشەیەکە کە تایبەتمەندی مانای بیرهێنەرەوەی (Associative meaning) هەیە. ئەم جۆرە وشانە ماناکەیان لە خۆیان جیا دەبێتەوە و سنووری مانایی تردەبرێ. کاتێ دەڵێین کوردیی مانایەکی رامیاری مانای کۆمەلایەتیانە مانایەکی دەروونیانە، مانایەکی کولتوریانە، مانایەکی زمانیانیە و... هی‌تر لەزەیندا بەرجەستە دەبێتەوە. ئەمە تایبەتمەندی مانایی وشەکەیە ورێ لە قوت بوونەوەی ئەم لایەنانەی تریش ناگیرێ. ئەگەر ئەم وشە بخرێتە پاڵ هەروشەیەکی‌تر، سەرجەمی ماناکانی کێش دەکاتە سەرجەستەی مانایی وشەکەی‌تر ئێستا کە ئەم وشە لە پاڵ شانۆدا هاتووە، ئەگر وشەی «کوردیی» رووت‌و قووت بێ و هیچ قورساییەکی نەخستبێتە سەر وشەی شانۆ پێم‌وابێ هیچ خاڵێکی ئامانجدار نەپێکراوە و بەدکارێیەکی رامیاریەوە بەزمانی کوردیی کە یەکێک لە ماناکانە، ماناکانی‌تری ئەم وشەمان دەسخەرۆ کردووە. ئەگینائێمە شانۆی کوردیمان نییە وەک چۆن شانۆی عارەبی و ئینگلیزی و... هتدیمان بە مانا زمانییەکەی نییە. کۆمەڵگای کوردیی ئەم مانایانەشی دەوێت. ئەگەر بێت‌و یەکێک لەم مانایانەی لێ داشکێت ئەوا وشەی کوردیی بە شانۆوە، دروشمێک و خەشی کۆکراوەی خۆمان بە وشەکە دەرێژین.

ترسی ئەوەم لێ هاتووە کە ئەو کەسانەی عیبارەتی «شانۆی کوردییان» یەک خستووە لەوە پێشتر ئەم روانگەیان لە زەینی خۆیاندا وێنانە کردبێ‌و ئەم عیبارەتەیان رەمەکی و خشکەیی وەک پلاری کوێر داهێنابێ. دیارە ستارتێک لێدراوە کە مەسەلەیەک زیندوو بکرێتەوە. بەڵام بێ سەردەرچوویی لە هەموو ماناکانی وشەکە فێستیوالەکە بێ جەمسەر دەبینێتەوە. کە ئەم بێ جەمسەرییە لە هەندێ کردەی فیستیوالەکەشدا بەدی دەکرێ. خەمی پسپۆرانە لە پشت سەری ئەم کارانەوە جەمسەر دەداتە دەست جەماوەری بانگەواز بۆکراووەو لە گەرانەوەیاندا چەمکی خولقاوی وشەی کوردی بە هەموو ماناکانیەوە بە دیاری دەبنەوە بۆ باژێرەکانی‌و پارێزگاکانی خۆیان. ئەگەرئەم میهرەجانە نەتوانێ مانای تەسکی وشەکەمان لەزەین دەرکاو جەستەیەکی یەکگرتەو سەرلە یەک‌و وشەیەک ناوەرۆکدارمان (Content Werd) نەداتێ کەمۆرکی شانۆیشی لە خۆگرتبێ سەرەنگەرێ دەبێ. بۆیە من ناتوانم بەزمانی کوردیی شانۆنامەکاندا گوڵ بخلەتێم کە شانۆی کوردیە و رەنگە قێزەوونیشم بکا.

هەلبەت لێرەدا مەسەلەی ناو چەگەری (Locality) و جیهانیگەری (Universality) دێتە ئاراوە کە باس لە جەماوەرێکی تایبەت بکرێ یان نا. بەلام خوێندنەوەی مێژوو رووناکییەک دەخاتە سەر ئەم مەسەلە کە جیهانیگەری نەک لە شانۆدا بەڵکوو لە هەموودیمەکانی ترشیدا بە هۆی دەسەڵاتداریەتی ناوچەگەرییەوە بووە کولتووری دەسەلاتداری ئەم ساتەوەختەی جیهان گێرانەوەی دەسەڵاتی مێژوویی ناوچەیە. یان نابێ باسی شانۆی کوردی بکەین یان کە باسمان کردبێ توێژنیەوەو دۆزینەوەی سەرجەم ماناکان شانۆی کوردی خۆی بە دەستەوە نادا هەڵبەت بائەوەش لەبیر نەکەین رەنگە عیبارەتی «شانۆی کوردی» هاوازەکەی خۆی دروستی کردبێ و ئێمە لەمدیوی کوردوستاندا تووشی غووربەت و نوستالژی بوو بێتین.

بەکر پیروزی

**نظر خواهی تماشاگران:**

هیوا ـ فریدون حامدی

* خانم آقایی نماینده مرکز هنرهای نمایشی از تهران: متن نمایش بسیار زیبا بود و کشش داشت، به مشکلات انسان امروزی می‌پرداخت که از اصل و نیازمندی به (عشق و معنویت) دور افتاده‌اند، بازیگر مرد حرکات تصنعی و اغراق شده داشت.
* خانم صادقی: دانشجوی علوم اجتماعی از کرمانشاه، موضوع جالبی را انتخاب کرده بودند ولی خوب پرداخت نکرده بودند. متأسفانه اجرا خوب نبود، بازیگرها روی نقش مسلط نبودند و آنقدر در فضا قرار نداشتند حتی قادر نبودند شمعی را که روی میز افتاد با ابتکار وشم بازیگری درست کنند، کارگردانی ضعیف، میزانسن تکراری و کشداری تم یا موضوع، عدم استفاده صحیح از موسیقی.

عروس برف ـ رضا یاراحمدی ـ رحیم ذبیحی

* فرزاد خدریار، کارشناس ادبیات فارسی: متن نمایش کاملاً شعاری بود ـ بازیها خیلی ضعیف بودند، مطلقاً کارگردانی نداشت، میزان سنهای نامطلوب داشت، و بازیگران گنگ و آشفته بودند.
* محمدصالح عبدی: طراحی صحنه عالی، کارگردانی ضعیف و بازی‌ها به جز نقش چاووش و نامزد کاوان بقیه ضعیف بودند.
* آقای یونس نوروزی: زیبا بود، مخصوصاً قسمت رقص و موسیقی. چشم کرد زیبا می‌بیند پس بدی وجود ندارد.

مهر و وفا ـ علیرضا اسماعیلی

* یک خانم خانه‌دار: موضوع جالب نبود، می‌توانست از موضوع‌های جالبتری در مورد جوانان استفاده کند. موسیقی بد نبود.
* احمد امانی دانشجو: طولانی بود، حوصله تماشاچی را سر می‌برد، دکور خوب بود، حرکت‌های نمایشی خوبی نداشت و موسیقی هم جالب برد.

(کارناوال ـ مراسم آیینی کردها)

آقای علیرضا خمسه: خیلی خوب بود در زمینهٔ نزدیکی هنرمندان تئاتر با مردم و با توجه به تعریفی که برای تئاتر قائل شده‌اند این نزدیکی را باید پاس داشت و بهترین بهانه برای این نزدیکی استفاده از نوع و مراسمی است که با آیین‌ها نسبت دارند.

دکتر صادقی: خوب بود و امیدهای زیادی را برانگیخت، بستگی به این دارد که این کارناوال به طور منظم هرسال برگزار شود جرقه‌ای که امروز در سقز زده شد با این روال در شهرهای دیگر مثل کرمانشاه، ایلام، مهاباد و... شعله‌ور خواهد شد.

## اسماعیل پاشائی

متولد ۱۳۳۷ از دوران دبستان با دیدن کارهای تئاتر آنزمان که توسط پیشکسوتان امروز تئاتر سقز یعنی آقایان کاک فایق آدمی، کاک حسین تقی‌زاده، مرحوم اردلان و حمزه‌ای و دیگران اجرا می‌شد، به تئاتر علاقه‌مند شدم و در دوران دبیرستان فعالیتهای خود را به عنوان یک هنرجوی تئاتر آغاز کردم که هنوز هم این هنرجویی ادامه دارد.

طی این سالیان، نویسندگی، کارگردانی و بازیگری را تجربه نموده‌ام و در چندین جشنواره تئاتر حضور داشته‌ام.

امروز که به یاری بسیاری از مسئولین هنری استان شاهد برگزاری اولین جشنواره تئاتر کُردی در شهرستان هنرپرور سقز می‌باشم، بسیار خوشحال و مسرورم که به عنوان عضوی کوچک در راه‌اندازی این جشنواره که سالها کمبود آن احساس می‌شد نقشی داشته‌ام و امیدوارم که این اولّین و آخرین جشنواره نباشد و طی سال‌های آتی شاهد دومین، سومین و چهارمین جشنواره تئاتر کردی در سقز باشیم و این آرزوی قلبی من و همه بچه‌های تئاتر سقز است... انشاءا...




— مهرو وفا —

## علی شریفی

عەلی شەریفیم لە سالی ۱۳۵۱ی هەتاویدا لەدایک بووم بە کارێکی سوونەتی - میللیەوە بەشداری ئەم مێهرەجانەم، یەکەمین کارم دەگەڕێتەوە بۆ پۆلی دووهەمی ناوەندی کە شانۆی (جنس تعاونی) بوو.

کاری من لە شانۆدا زیاتر دەور گێری بووەو لەم شانۆیانەدا دەورم بووە: گەورە بە گەورە - (مقصر کیه) - ڕێوی فێڵەباز - نەورۆزانە - دزەبۆرە - شاری ئارەزو....

جارجاریش کاری نووسین و دەرهێنانم کردووە وەک: سایە زندان و ساختەچی و... لەوانەیە کاری داهاتووم مشک و پشیلە بێ.




— هیوا —

# پوزش

**در گزارش نقد و بررسی**

**«منالّی هەتاو»**

**در بولتن شماره یک، اظهارات نویسنده نمایشنامه سهواً به نام کارگردان درج گردیده است.**

## چه کسی می‌خواهد من و تو ما نشویم خانه‌اش ویران باد

کاش، صاحب سیری، عزیز صدزبانی می‌یافتیم نه که صلحمان دهد بلکه ترجمان افکار، عقاید و احساسمان باشد.

من فارس زبانم و می‌دانم، می‌دانم که باید زبان دلت را بفهمم، حس کنم، با تو باشم و همدردیت کنم ولی با چه؟ با کدام زبان مشترک اگر نخواهی که یکی نشدیم.

شاید تئاتر و چنین جشنواره‌هائی بهانه‌ای باشد برای نزدیکی من و تو تا هم را بیشتر بشناسیم و صمیمی‌تر در کنار هم باشیم. کاش یادمان نرود که ما برای بیان یک فکر و هدف دور هم جمع شده‌ایم و به اتکای ایرانی بودن و تئاتری بودنمان است که می‌توانیم قد فاصله‌ها را کمتر کنیم زیرا که تئاتر زبان مشترک است برای تمام ابنای بشر.

به قول حضرت مولانا:

چار کس را داد شخصی یک درم‌آن
یکی گفت این به انگوری دهم
آن یکی دیگر عرب بُد گفت لا
من عنب خواهم نه انگورای دغا
آن یکی ترکی بدو گفت این بَنُم
من نمی‌خواهم عنب خواهم عزم
آن یکی رومی بگفت این قیل را
ترک کن خواهیم ارزاقیل را
در تنازع مشت بر هم می‌زدند
چون ز سر نامها غافل بدند
صاحب سری، عزیزی صد زبان
گر بدی آنجا بدادی صلحشان
پس بگفتی او که من زین یک درم
آرزوی جمله‌اتان را می‌دهم

فائزه فیض

# «ڕۆمانسیزم Romancism»

زاراوەی ڕومانسیزم کە بەواتای خەیاڵاوی دێت، یان خەونیانەو خورافیانە. ئەم زاراوەیە بەرەچەڵک دەچێتەوە سەر وشەی «ڕۆمان» کە وشەیێکی کۆنەو بۆ ڕۆژانی سەدەکانی ناوە ڕاست دەگەڕێتەوە. ئەوسا بەواتای ئەو چیرۆکانە دەهات کە سەرگوزشتەو چیرۆکی دلێرانە و قارەمانێتی و ڕووداوی پڕمەترسی و کاری جەربەزەیی‌و شۆرەسواری‌یان تێدابوو، لەگەڵ دلخوازی و دڵداری پڕ وەفاداری و خۆبەخت کردن و پاکێتی بێ گەردی. جائەو چیرۆکانە بەزمانی شیعر هۆنرانەوە یان بە پەخشان نووسرابن. بۆ جارێکی دی ئەم زاراوەیە تایبەتی ئەو ڕێبازە هونەری‌یەی کە لە ساڵانی بیست و سی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەوروپادا بڵاو بوویەوە، ئەو ڕێبازەی جیگای کلاسیزمە نوێ‌یەکانی گرتەوە.

## «پوختەو ئاکام»

ـ یەکەم: ئەم زاراوەی ڕومانتسیزمە بەواتای ڕێبازێکی هونەردێ، کە لە ساڵانی بیست‌و سی سەدەی نۆزدەهەمدا جێگای کلاسیزمی گرتەوەو وەک قوتابخانەیەکی سەربە خۆ کەوتەکار.

ـ دووەم: چاوگو سەر هەڵدانی بۆ شۆرشەکەی «١٧٨٩»ی فەرەنسا دەگەڕێتەوە، ئەو شۆرشەی چینی بورژوا بەرپای کردو دام‌و دەسگاکانی پاشایەتی و نۆبڵەکانی هەڵگرت، کە بە هۆی ململانێی گەلانەوە بەرامبەر دەرەبەگایەتی‌و دام‌و دەسگا بەربەستەکانی ئازادیەوە درووست بووە لەو ئەنجامەوە شێوەو شێوازەکانی کۆن پووت بوونەوەو هەرەسیان هێنا، ئەو بزوتنەوەو گۆڕانکارییە سەراپای ئەورووپای گرتەوە بەرامبەر حەقیقەتی سەرەکەیان و هۆشیاری کردونەتەوە. لەم ڕووداوە مێژوویی‌یە گرنگەوە گەورەترین گۆڕانکاری لە جیهانی هونەردا ڕوویدا.

ـ سێهەم: بۆ بەکار هێنان‌و مامەڵەکردن بە زاراوەیە، لە چەندەهاکاتی جۆراوجۆردا بە کار هێنراوە، بۆ نموونە: لە ناوە ڕاستی سەدەی حەفدەهەمدا ـ ساڵی ١٦٥٤ لە کتێبی «بیرەوەریەکانی ئیفلین»دا بە کار هێنراوە.

لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهمدا ساڵ ١٧٠٥ لە لایەن «ئەدیسۆن» وە لە کتێبی «تێبینی یەکان لە سەر هەندێ ناوچەی ئەورووپا» بەکار هێنراوە.

چوارەم: وەک هەموو زاراوەیەکی دی لەتەک پەرەسەندن و شارستانیە تەکدا پەرەی سەندووە هاوڵ بۆتەوە، بۆیە مەودا بە کارهێنانی نوێ و جۆراوجۆری وەرگرتوە. بەتایبەتی بۆ ئەو شتانە، یان ئەو دیاردانەی لایەنێکی بۆنی خاسیەت و هەری «ڕۆمانسیزم»ی لێ هاتبێ.

ـ پێنجەم: ئەو وشەیە بەواتا لاتینی‌یە کۆنەکەی، عەوام، واتەڕەش و ڕووت و زۆربەی جەماوەر دەگرێتەوە.

خاسیەتەکانی ڕومانسیزم

١ـ سەربەستی

٢ـ تەم‌ومژ، زاڵبوونی هەستی تەم‌ومژاوی بەسەر بیری ڕوشن‌و ئاشکرادا.

٣ـ ڕەشبینی و دڵەڕاوکێ و خەمناکی‌و هەست کردن بە وون بوونی هاوتایی سایکۆلۆژیان.

٤ـ ڕێبازەکە بەوە ناسراوەکە بەتاڵی خەیاڵدا سەردەکەوێ‌و زەمینەی «واقع» بەجێ دێڵێ.

٥ـ تاکەیی، یان تاکەکەسی‌و خۆیەتی یان خودویستی و خودپەرەستی.

٦ـ داکۆکی لە لاوازەکان‌و زۆر لێکراوان.



# ووت‌ووێژ لەگەڵ ماموستای بەڕێز قوتبەدینی سادقی

**عەلی زەفەر قەهرەمانی‌نژاد**



هاتوینەتە خزمەتی دوکتور سادقی بۆ ئەنجامی گفتوگۆیێک سەبارەت بە شانۆیان درامای کوردی:

● س: دوکتور فەرمون ئایاکو ئەسلن شانۆی کوردی پێشینە یا مێژوێیکی هەیە یان نە؟

: لە راستیدا شانۆی کوردی پێشینەی نیە، شانۆ لە ئەوروپا بنەرەتی لە سەر دیالوگ دانراوە و پێویستی بە جێگای تایبەت‌و کتێب و بوولتەن شوێنی فەرهەنگی خویەتی، بە داخەوە لە کوردەواریداشانۆ بەوجورە نەناسراوە، و مێژوێیکی شەست، هەفتاد سالەی هەیە، بەڵام هەرواکە دیارە شانۆ لە شاردا و فەرهەنگی شارستانێتی‌دا پەروەردە دەبێت، بەڵام ئێمە هەتا ماوەی سەد سالی پێشووش زوربەی ژیانمان لە دەشت و دێهات‌دا بەسەر چووە و فەرهەنگی جووتیاری‌و کشت و کێڵ زیاتر لە ئادابی شاری و ئابوری بە سەر کورداندا زاڵ بووە شانۆ هەرودکو کارخانەێیک خاوەنی نیزامێکی تایبەتیە و پالی داوەبە دامەزراوە فەرهەنگیەکانەوە و هەروا کە کارخانەێیک بەردەوامە لە سەر سازکردنی خۆی، دامەزراوە فەرهەنگیەکان شانو ساز دەکەن، ئێمە لە رابردودا بووکە بارانێ‌و رێخستنی مەراسمی تایبەت بە کشت‌وکاڵمان بووە کە دەتوانین بڵێین شانۆ نین بەڵکوو راستە فورمی ئەم کارانە لە شانۆ نزیکن بەڵام زیاتر بە مەراسمی ئائینی دەناسرێت و ئەوە نابێتە سازکردنی کالایێک فەرهەنگی بەڵکوو موناسبەتیە و سوچێک لە ژیانی کشت‌وکێڵە و بەشێکە لە ئایین و یاسای مرۆڤ بۆ پێوەندی لەگەڵ سروشت‌دا پێش‌تر ئاماژەم بەوەکرد وا شانۆ بنەرەتی لە سەر دیالۆگ و دیالۆگیش دێموکراسیە و دیموکراسیش پێک هاتوە لە ژیانی شارو شارستانیەت و پێویستە فەرهەنگێکی شاری زور بە توانا فەراهەم بێت تا توانایی ئەوەی ببێت دیالۆگ پێک بێنێ‌و رووداوە کومەڵایەتە کان لە قاوخی پاڵەوانان و قارەمانان‌دا بەرانبەر بەیەک راوەستن و دیالۆگ پێک‌بێرن و ئەمە نابێت، مەگەر رێکخراوە هونەری‌یەکان، ئامفی‌تئاتر و یا شوێنی فەرهەنگی بێت، شانۆ لە ئێران‌دا هەتاکو سەد و پەنجا سال پێش نەبووە ئەم روداوەش بێ‌خۆد نیە و هەموو روژ هەڵات هەر بەم چەشنە بوون بەڵام لە ماوەێیکی زۆر درێژ بە دێموکراسی گەیشتن سەرکوت کردنی رۆژهەڵاتیانە بەری‌بە ووت‌ووێژ گرتووە و شانۆش کە بەرهەمی دێموکراسیە شوێنی خۆی نەدۆزیوەتەوە. ناکرێت بڵێین ئەمە مایەی شەرمەساریە، ئێمە لە رێبازەکانی دیکەدا پتەوو بە هێزەوە دەرکەوتین و هێدی هێدی تێ‌گەیشتین دەتوانین لە رێبازی شانۆش‌دا بە لەونێکی نوێ و دێموکرات، بەو جۆرە والە ئەورووپاش‌دا بینراوە هەنگاو هەڵ بگرین ئەمەش بە هەڵکەوت نەبووە بۆچی کاتێ دوای شانۆ کەوتین، شانۆی رخنەگیرانەمان هەڵ بژارد؟ تیاتری «مولی‌یر»مان هەڵ‌بژارد کە رخنەێیکە بە جیهان‌و کومەڵگای سەڵتەنەتی و دەورانی لوویی چواردەهەمی پیشان داین، ئێمەیش لە دەورانی ناسرەدین شادا بووین، یان دەورەی ناسری (دارالفنون). لە پێش‌دا شانۆ تەنیا لە شوێنی تایبەت بەرێوە دەچوو بەڵام بە هۆی ئەوەی‌وا شارستانیەتمان وردە وردە پەرەی گرت ئێستا شانۆ بووەتە ئەوەی وا مێهرەجانی بودەگێرن شانۆ بوەتە ساحێبی تالارو شوێنی فەرهەنگی‌و ئەوە موژدەی پێش کەوتنی شارستانیەتی و دامەزراوە دێموکراتیەکان دەدات، بوونی زانستگاو سەندیکاو ئەنجومەنە هونەری‌و فەرهەنگیەکان هەربەو بۆنەوەیە و تەواوی ئەمانە یک دەگرن و دەبنە هوی ئەوی دەنگی مرۆڤ هەڵ بێت و دێموکراسی ببێت، گفتوگوو ووت‌ووێژ سەبارەت بەوەی وا هەستی دەکەن پێک بێت، بیروڕای خۆیان دەر بڕن‌و گوێ راگر بۆ خۆیان بدۆزنەوەو فەرهەنگ بێت بە کالایەک. لە قەدیم‌دا هونەرو فەرهەنگ کالا نەبووە کەلوو پەلوو وەسیلە نەبووە بەڵکوو شتێک بووە لە پەنای ژیانداو زیاتر لەگەڵ شتی‌تردا بەکار دەهێنرا وەکوو رازانەوەی درگایەک یان چنینی قالی‌یەک. کاربوردەی بوو بەڵام ئێستا هونەرێکە سەر بە خۆیە و دێموکراسی گەورەترین پشتگەرمیەتی. دێموکراسی بێ بوونی شارو دیالۆگ ووت‌وویژە تەواو نیە هەر بەم بۆنەوە ناتوانین پێشینەیێکی دوورو درێژ بۆ شانۆ بدوزینەوە بەو جۆرەی خۆم لێکولینەوەیێکم لە شانۆدا کردووە بۆم دەرکەوت یەکەم شانۆ لە کوردستانی ئێران‌دا لە سالی ١٣١٦ لە شاری سنەدا بەرێوە براوەکە کابرایێک بە ناوی عەبدوڵلا مەسیحی لە نێو کاروان سەرادا ئەم کارەی ساز کرد. دوهەم جار لە سالی ١٣١٨ یان ١٩ شانۆ لە مزگەوتی داروغەی سنەدا بووە هێدی هێدی بە دروست بوونی قوتابخانەکان شانۆ چووە نێو سالۆنی قوتابخانە و ئەم بروایەی سەلماند کە شانۆ دیاردەیێکی فەرهەنگی نوێ و دێموکراتیکە، رەگ و ریشەی کومەڵایەتی ئێیە قوتابخانە ساحێبی قانون و یاسایەو وەک شوێنێکی دێموکراتیک تەواوی

قوتابیان یەکسان لە سەر کورسیەکانیان دادەنێت و بە یەک جور هەموو فێری خوێندن دەکات. ئەڵبەت لەوەپێش ئاغاو خانەکان ماموٚستایان دەبردە مالو روٚڵەکانیان فێری خوێندن دەکرد ـ بە تێکراو بە کورتی دەتوانم بڵێم شانۆ لە قوولایی‌و زاتی خۆیدا دێموٚکراتیکە. بێخود نیە کە نیازی بە ئەوەیە کە دامەزراوە دێموٚکراتەکان پشتی بگرن و کاتێک بەم بیرو باوەرە گەیشتین کە لەمە زیاتر دوانەکەوین شانۆش لە قەراغی ئەمانە دەستی بە خۆنواندن کرد، روشنبیران لەم قوناخەدا دەست بە کار بوون و ئێستا شانۆ بووەتە هوٚی ئەوەی مێهرەجانی کوردی دامەزرێت و هەرچی زەمان بەرو پێش برواٿ بە قووەتتر و مەزنتر دەبێت تێکنیکمان پێش دەکەوێ، لەم شاری سەقزەدا گەر بتەوێت شانۆی ئێستا لەگەڵ شانۆی سی‌سال پێش هەڵ سەنگێنی بە روونی دەردەکەوێت کە شانۆی ئێستا زۆر پتەوترو بە بایەخترە.

● س: ئەگەر ئێمە لە سەر ئەو باوەرە بین کە شانۆ بە مانای زانستی و عیلمی پێشینەی کۆنی نیە داخۆ فولکلۆر و سوننەتەکان توانایی ئەوەیان هەیە یارمەتی شانۆی کوردی بدەن.

ج: ئەو جۆرەی وامن شانۆکانی کوردستانی ئێراق و تورکیام دیوە دەتوانم بڵێم کە لە سەر شانۆی کوردی‌دا بە جۆرێک رێبازێکی رومانتیزم حوکم دەدات لایەنی ئێحساسیمان زۆر زاڵە، کەچی لایەنی عەقڵیمان کەمترە، رومانتیزم قارەمانی تێدایە واتە پاڵەوانەکانمان لە رۆمانتیزمدا لە ژیانی خویان دەبوورن و گیانیان فیدای هەموان دەکەن و بنەردتی ئەسڵی ئەوان بو ئەم کارە هەستوو ئێحساسە، دیارە ئەگەر کۆمەڵ بەختەوەر بێت نیازی بەقارەمان نیە، بەلام ئێمە قارەمانیەتی و رۆمانتیزم دوو خالی گرنک لە کولتوورماندایە کەهەم لە شێعرو هەم لە مۆسیقادا بەر چاو دەکەوێت و سەرچاوەکەشی بەیتەکانمانن.

ـ باسەکانی ئێمە هێشتا باسی شار نی‌یە زۆربەی باسەکانی ئێمە باسی نەتەوەییە و زەحمەتی ژیانی کشت و کێڵ و باسی ئەو کەسانە دەکات کە بەگژ نیزامی کومەڵدا دەچن هەڵبەت نە ئەوەی بڵێم ئەم بەگژ داچوونە حەتمەن خراپە، دەتوانێ دژی زوڵم بێت ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین بەردی بنەرەتی کومەڵگامان قورس‌و قاییم دانێین، زیاتر هەڵ دەچین، تاکو خولقێنەر بین.

شێعر، مۆسیقاو قام و هەڵپەرکێ‌و لایەنەکانی دیکەی فولکلۆری کوردی زۆرن بەلام بە گومانی من ئەمانە بیانوێکن بۆ سەلماندنی ناسنامەی خۆمان ـ زۆرکات بەو بیانوە دەری دەبرین ـ هەڵپەرکێ، جلوبەرگ‌و مۆسیقا هەرلەم قوناخەدان کە دەمانەوێ خۆمان بناسێنین‌و داواخوازی ناسینی خۆمانین بە هەموان.

● س: ئەگەر ئێمە ئەوە لە بەرچاو بگرین کە کوردان لە چوار کیشوەردا دەژین و لە جێگاکانی دیکەی دونیاش‌دا کورد هەیە ئێوە هونەری شانۆی کوردی لە جیهاندا چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟

ج: ئێمە هەتاکو ئەم کاتەش بە شانۆو تیاترێکی جیهانی نەگەیشتووین بۆ نمونە فەرانسە یا ئالمان بۆ خۆیان خاوەنی رەوەندێکی تایبەتی هونەرین زۆر نووسەرو و هونەرمەندیان بووەو هەیە بەلام ئێمە بەو رادەیە نەگەشتوین لە دونیا ناو بانگمان بێت ـ تەنیا دوجار پیکهات برۆینە دەرەوی وڵات بۆ پرۆگرامی هەڵپەرکێ‌و مۆسیقای کوردی کە خۆیشم بەشداریم کرد لە مێهرەجانی جیهانی «لفکادا» و «بلاروس»دا. ئەگەرچی کەمتا کورتێک شێعری کوردی بە دونیا ناسراوە بەلاّم لە شانۆدا هیچ کات نەبووە، تەنانەت رۆمانێکی رەسەنی کوردیان نەگێراوەتەوە سەر زمانێکی زیندوو. ئەگەر ئێمە نوۆسەرەکانمان توانایی ئەوەیان ببێت خۆیان زۆرتر بە مروڤ بناسێنن رەنگە ئەو کاتە بتوانین هومێدی ئەوەمان ببێت کە شانۆش دستکەوتێکی جیهانی بە نەسیب بێت بەلاّم لە هەمووی ئەمانە گرنگتر ئەوەیە ئەبێ بەر لە هەمووشتێ جیگای خۆمان لە نێو ولاّتی خۆمان پەیداکەین ئەوسا لە ولاتانی دیکە ـ لە کوردستانی ئێران هونەرمەندان دێنە تاران‌و ئەمە هەلێکی باشەو جێگەی شانازیە ـ دەبێ ئێمە شانۆ پەرە پێ‌بدەین‌و شانۆ ببێتە هونەرێکی خەلکی و مەردومی، بە رای من لەم مێهرەجانەی سەقزدا خەڵک زۆر کەم بەرچاو دەکەون و ئەمە پێک نایەت مەگەر هونەری دەبێ خەلک زیاتر بەشدار بن و ئەمەش پێک نایەت مەگەر هونەری شانۆ و تیاتر لە خەلک نزیکتر ببێتەوەو ئەمەش کاری هونەرمەندانە، ئەو کاتە هونەر وەکوو سەرچاوەیەکی لێ‌دێ بۆ فیکرو هەستی خەلک.

● س: تکایە رای خۆتان لە سەر یەکەمین مێهرەجانەی شانۆی کوردی دەرببرن‌و ئاماژە بەوەیش کەن کە ئایا ئەم کارە دەتوانێت لە سەر هونەری کوردی کاریگەر بێت.

ج: هەوەڵ ئەوەی کە ورە دەدات بە نووسەران‌و بەشدارانێ کە بە زمانی کوردی دەنووسن تا هەستی خویان دەربرن دەبێتە هۆی جوولانەوەو پێوەندی فەرهەنگی‌و میللی، من ئەم کارەم زۆر پێ باشەو زۆر حەزم پێ کرد بویشی تی کۆشام و هیوادارم گەشە پەیدا کات‌و بەردەوام بێت‌و سال بە سال بە هێزترو پتەوترو زانستی‌تر بێت.

● س: تکایە ئەگەر باسێکی تایبەت ماوە کە بە پێویستی ئەزانن بی‌فەرموون.

ج: هەرچەن زۆرکەس لە بەرێوەچوونی مێهرەجانی شانۆی ئاگادار نەبون، بەلاّم ٣٩ شانۆنامەیان بۆ ناردین، ئەمە بۆ من شانازییە. ئێمە دەتوانین شانۆنامە بکەینە کتێبێک‌و لە چاپی‌دەین تا نەفەوتێ و لە فەرهەنگماندا بی‌هێڵینەوە.

رای من ئەمەیە گەنجەکان‌و لاوەکانمان زۆرتر کتێب بخوێننەوە بو هیوایەی فەرهەنگی شانۆگەریمان پەرە بگرێ‌و لە بواری تێکنیک قورسوو قاییم بێت. دەبێت زۆرتر پرسیارکەن. مەشوەرەت کەن‌و تەمرینیان زۆرتربێ کە لە حاڵەتی دوورەپەرێزی دەرباز بن‌و بچنە ناو خەلک و خەلک بتوانن لە شانۆکان کەلک وربگرن. هەموو کات دەوڵەت پشتی ناگرێت بەلاّم ئەگەر هونەر بگاتە ناو خەڵک لە بیر ناچێتەوەو ریشەو رەگەز دادەکوتێ، شتێکی تریش کە بۆ من جێگەی شانازییە ئەوەیە کە کچەکان زۆر باش بەشداری کارەکانیان کردووەو زۆر بە شەهامەت‌و دلنیاییەوە هاتنە سەرسەحنە. هیوادارم ئەم کارانە زیاتر بێت.

ئیتر سوپاس

Scanned with CamScanner

# بە کار هێنانی نوور لە شانۆدا


## بەشی یەکم

«بە کار هێنانی نوور لە شانۆ»دا لەزۆر لایەنەوە لەگەڵ «بەکار هێنانی نوور بەهەرە «عمومی» فەرقی هەیە. ئەگەرچی لە عەمەڵدا تێکەڵێکە لە کۆبوونەوەی «تاک» و «گشتی» بەلام شێوەی کەڵک وەرگرتن لەبە کار هێنانی نوور زۆر گرینگە.

لە تایبە تمەندیەکانی بەکار هێنانی نوور بۆ شانۆ، گۆزانەوەی تاوێنەکان «نورر ئەفکن»و تەنزیمی ئەوان لە هەموو بارێکەوە.

لەگەڵ پێشکەوتنی فەنی «بەکار هێنانی نوور» داهێنانی کەرستەی نوێ، ئێستە دەسەڵات بۆ «بە کار هێنانی نوور» زۆرەو ئەتوانین یەک یان چەن نوور ئەفکەن کە توانایی هەڵسووران بە باری ئۆفۆقی و عەموودی دەوەرانی هەیە بە کار هێنانی نوور بەگەین بە ئاکام.

بۆ بەکار هێنانی نووری شانۆیی، گەلێجار ئێفێکت پێویستە. ئەم ئیفکتانە ئەبن بە هۆی دەرخستنیو هینانو هاوردنی ئەو وێنانە کە لە دەرەوەی سەحنەی شانۆدان لە بەر چاوو زەینی بینەری شانۆ لە سەر سەحنە نیشانیبات وەک: تیشکی پێکهاتوو لە یەکدانی دوو هەور، کولکەزێرینەو ئاگری کوورە و... سازکردنی ئێفێکتی نووری نیازی بە کەرستەی زۆر هەیە، کە ئەتوانین بە کەڵک وەرگرتن لە دەزگا گەلی پیشاندەری فیلم، سلاید و... هەروەها کەل و پەلێ کە لە بەر دەسدایە و ئەتوانێ چەن چەشنی ئێفێکتی نووری وەک پرشنگی ڕێکی خۆر، تریفەی مانگیان ڕێگای ڕویشتنی شەهاب نیشان بدات. بۆ کەڵک وەرگرتنی دروست لە فەنی «بەکار هێنانی نوور» پێویستە بناغەی عیلمی لەگەڵ بەهرەی عەمەڵی» تێکەڵ ببێتو بایەخە نوێکان کە پەیوەندیان بە ناوەرۆکی نووسراوە لە شانۆدا، دەربکەوێ. هەمیسان بۆ بیرەوەری پێویستە بڵێین کە لە «تەراحی» نووردا، پرسیار گەلێ دەربارەی نووری «گشتی» و «تایبەتی» ئێفێکتی نووری بخرێنە بەرچاو پاشان لەگەڵ بەرچاوخستنی کەرستەی پێویست، جێگای دامەزراندنی هەر کەرستەیەک و گۆرەپانێ کە



ئەم کەل و پەلانە ئەبێ تێیدا دامەزرێن و ئەو فلتەرانە کە واکەڵکی لێ وەرئەگرن، پێکەوە بخرێنە بەر چاو. ئەبێ بزانین بی پێی ئاڵ و گۆڕای سەحنە، گەلێ لەو ئاسەوا رانەیکە لە سەرەتادا باسمان کرد لە جەرەیانی «بە کارهێنانی نوور» چوەتە دەرو بە کەڵک نایێن. وەک ئەوە کە لە شانۆی گرد(میدانی)، شانۆێ کە دەورگێران لە ناوەراست و بینەریش لە دەوروبەردایە، نووری زەمینەی پێویست بەرچاو ناکەوێت، شایەد «نوور گەیاندنی» موستەقیم و «ئێفێکت»ی نووری بایەخێ زۆر بێ. لە ئاکامدا ئەو بنەرەتانە کە لە گشت پلەکاندا ئەبێ بیخەینە بەرچاوو بیپارێزین بەم جۆرەن:

الف ـ نوورێکی «عەموودی» و دوو نوور لە چەپ و راستەوە بە زاویەی ٤٥ دەرەجە بۆ نیشان دانی ٣/٤ی ئەو شتەی کە مەبەستمانە ئەبی «ئەبعادی» ئەو شتە بەر چاو کەویت، زۆریان کەمی سێبەر بەکەم و زۆر کردنی ئەم نوورە ساکار ئەبێ.

ب ـ نیشاندانی کات و ساعاتی ڕۆژو پەیوەندی ئەو خاڵە لەگەڵ چەن سەحنەیێ لە شانۆکە مەبەستی ئەفێکتی زەمانیە، بۆ نیشاندانی ئەم ئەفێکتە زەمانیانە، گرینگ زاویەی نوور پێدران و زاویەی دیتنە کە پێویستی بە سەر چاوەی نوورەکەوەیە ئەبێ ئەوەشمان لە بەر چاوبێ کە سەعاتی چواری نیوەڕۆ لە هەموو وەزرێکدا وەک یەک نیە.

ج ـ ئەو جێگایە کە نووری تێدا بە کارئەهێنرێ ئەبێ لەگەڵ ڕووناکیدا یەک گرتوویی ساختمانی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ببێ نەپاراستنی ئەو خاڵە گرینگانەی کە باسمان کرد، نەبیتە هۆی ئەوەکە بینەر پێی نەزانی و لە نەتیجەدا شانۆکە بە جوانی دەرک نابێ.

د ـ کەڵک وەرگرتن لەو سێ خاڵەی سەرەوە بۆ سازکردنی ئەتمۆسفێری «هەست کردن» لە سەحنەدا، بەم شێوە بینەر خۆی بە قارەمانی سەرەکییان کە سانێکیتر کە توانایی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەوەیان هەیە کە لە مێشکیدا درووسی بکات و بە سازکردنی ئەم فەزایە لە لایەن شانۆنووس، دەرهێنەر، بەرپرسی دێکۆرو بەرپرسی نوورو بینەر بە تەواوی خۆی لە نێو دەقی شانۆکەدا دەبینێ.

هەڵبژاردەییک لە کتێبی «نورپردازی صحنه»

وەرگێر: سولەیمانی مەحموودی

درێژەی هەیە

# «کردەوە لە شانۆیی چووەکان»

## بەشی دووهەم

خەڵکەکە بە دەنگیانەوە دێن و بە ڕژاندنی گۆزەو کاسە ئاو بەسەر بووکەکەدا بەشداریان دەکەن. لە ئامانجی وورد بوونەوەمان لەم نەریتە چەند شتێک دەچنینەوە، لە سەرو هەموویانەوە، گەلێ بیر کردنەوەو بۆچوون کە دەگەڕێنەوە بۆ پلەکان یان حاڵەتەکانی سەرەتای بیرکردنەوەو سەر هەڵدانی ئایین و بروا. لە لایەکی تریشەوە هاتنە ناوەوەی مل ملانێ یەکی سەختو گەورە لە پێناوی جوان کردنو مسۆگەر کردنی ژیاندا، لێرەدا پێویستە ڕووەکەی جادوگەرێتی لە بیر نەکرێ، مەسەلەی باران مەسەلەی ژیانە، مەسەلەی مانو بەردەوامیە، هیچ گومانێ لەوەدا نیە کەلە لایەن گەلانی ڕۆژ هەڵات بەتایبەتی خۆشەویستیو پیرۆزی بارانە، چونکە بڕبڕەی پشتی باری ئابووری خەڵکەکەیەتی، کێ هەبێ نکوڵی لەوە بکات کە لە زۆربەی زۆری داستانو بەیتو چیرۆکەکانی کوردەواری باران هەوێنی شادیو خۆشبەختیە، نیشانەی وەرزی بەفەرە، دەیان گۆرانیی فۆلکلۆری کورد بۆ بارانو بەستراوەتەوە بە دیدارو ژوانی دڵخوازانەوە...

ڕوویەکی دی بابەتەکە بریتی‌یە لە بوونی «کۆرس»و ووتنەوەی سروود، جگەلە مانە لەڕووی «محاکاة»ەوە بەسەر کردنەوەی دیاردەیەکی ژیانەو هێنانەوە یادی ڕوداوێکی پێشووەکە بریتیە لە باران بارینو لاسایی کردنەوەی زەوی ووشکو تینوو کە خواستو داوای خەڵکەکە لە نزاکردنیانداو داواکردنیان لە خەڵکی تر بۆ هاوبەشی کردن لەو نزاوخواست و داوا پیرۆزەداکە لە پێناوی سوودو بەرژەوندی گشت لایەکدایە ئەمەی سەرەوە، نموونەیەکە لە نموونەکانی نیمچە شانۆیی.

نموونەی دووهەمیان، لە بەسەرکردنەوەی ئەو کردەوانەیە کە لە شینو شەپۆری نێوخێڵو عەشیرەتەکاندا هەیە، ئەمەش بە ووتنەوەی شیعر و بەیت، وەک بیتی «شەریف»و بەیتی «جەوامێر»یی و چاو ئەترسی کۆچ کردووەکە... ئەمانەش لە ناو عەشیرەتی هەمەوەندو جافەکاندا هەیەو هەروەها تیلەکۆی سەقز؛ گەلیک کردەوەیان لەلا هەیە بە تایبەت کردەوەی کۆتەڵ، بریتیە لە هێنانەوە یادی کۆچ کردووەکە لە شێوەی کەل و پەلو پێویستیەکانیداوەک چەکو ئەسپو جلو برگەکەی، جاریوا هەیە کەسێک دەبێتە کۆچ کردوەکەو خۆی وەک ئەو لێدەکاو نومایش دەکا، قوڕپێوانو سنگکوتانو دەنگ هەڵبڕینی (هاوار لۆلۆو بمرم لێ‌لێ) بەرز دەبێتەوە، ئەوسا، لە شێوەی چیرۆکێکدا بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە، ئەم نەریتە لە عاشوورادا نوێنراوە.

جگە لەو نمونانە (حیکایەتخوانی) هەیە، کاتێ شتێکی کوتوپڕو لە حیکایەتەکەی دەگێڕێتەوە چەند کەرەستەیەک هاوبەشی گێڕانەوەکەی کردووە، جگە لە هاوبەشی کردنی خەڵکە گوێگرەکەو لایەنگیری کردنی پاڵەوانە خێرخوازەکەی نێو حیکایەتەکە.

لە هەموو ئەو نموونانە سەیرتر، ئەو نەریتەیە کە بابلیە کۆنەکان لە جەژنەکانی بەهاردا دەیانگێڕا، کەسێک دەبوو بە فەرمانڕەواو ئەویش یاوەرو ئەدیمی هەڵدەبژاردو ئەوسا فەرمانی دەردەکرد، واتەلاسایی فەرمانڕەوایی، هەمان یاری لەناو کۆمەڵی کوردەواریماندا بووە، «میرمیرێن» یان «میرنەورۆزی» دوورنارۆین یادی ئەو سەیرانانە دەکەینەوە کە لە (شێخ هەباس و سەرچنار) سازکراون.

ئەمانەو دەیان نموونەی‌تر، ناتوانرێ ناو بنرێن بە درامای تەواو، چونکە وەک لە سەرەتاوە باسمان لێوەکرد، لە جەوهەردا جوێ دەبنەوەو ئەمان پێ‌یان دەووترێ کردەوە میللیەکان.

ئەحمەد سالار

# تراژێدیای نوێ (مۆدێرن)

«بەشی یەکەم»

وەرگیر لە ئینگلیزیەوە: عەلی زەفەر قەهرمانی‌نژاد




شکۆی تراژێدیا لە خولە جۆربەجۆرەکانی یونانی، ئێلیزابێتی و نیوکلاسیکدا، دیاردەیەکی ئاساییە بەڵام ئایا تراژێدیا لە سەدەی بیستەمدا ئەتوانی بڵیند و خاوەن شکۆبێ؟

گەلێک لەرەخنەگران ئەڵێن: نا! لەوانە «جۆرج ئەستالیز» کتێبێکی نووسیوە لە سەر ناونیشانی «مەرگی تراژێدیا» ئەگەر تراژێدیا روانگەیەکی پاڵەوانی تایبەتی ئینسان بێ، ڕێزنانە لە سەرکەوتنی راستەقینەی گیان، بە سەر شکان و مەرگی لەشدا. ئەمەش چۆن لە چەرخێکی وەهادا ئەتوانی بگونجێ کە مروڤ پاڵەوانێ بۆ خۆی نابینێتەوە. جگەلە شوێن کەوتن و هاودەنگی لەگەڵ کۆمەڵدا؟

لە چەرخی پراگماتیکدا کە هەموو شت بناغەی لەسەر زانست و لێکۆڵینەوەو داکۆکی زانستیانەیە، کوواکەش و هەوای تایبەتی تراژێد یا پێک دێ؟ تراژێدیا چنیە جگە لە هەمیشەیی کردنی کێشە بێ‌برانەوەکانی رابردوی ئینسان و ستایشی تێشکانی ئینسان لە بەرامبەر چارەسەر کردنیاندا. مرۆڤی کاری بەو ئامانجە بێ نیونجیانەی بۆ ئافراندنی دنیایەکی باشتر، ئەچێتە پێشەوەو ڕێ بەوە ئەدا، بێ‌برانەوەیی (ئەگەر هەبێ) پاریزگاری بێ. بەم حاڵەشەوە هەرچەن مرۆڤی مۆدێرن جەربەزانە ئەم پێشەنگیە بگرێتە ئەستۆ هەستی پێویست بوونی درامای تراژیک درێژە بە ژیانی خۆی ئەدا.

دوای ئەو هەموو دەرمان کردنە، نەخۆشی هەرهەیە. دوای ئەوهەموو درێژەی تەمەنە هێشتا مەرگ و پیری هەیە. ووای ئەو هەموو دانیشتنانە لەگەڵ دوکتوری رەوانپزیشک ئێستا ترس و ناهومێدی تواناترین ئەندیش‌و بیرئەخاتە مەترسیەوە، تەنیا یەکی مەسخەرە سەرقاڵترین مروڤ ئەدۆزیتەوە. تەنانەت ئەگەر توانای مروڤ بگەیشتایەتە رادەیەکی وەها، ئەستێرەگەرۆکەکان لە خولاندن بخات، ئەم سەر کەوتنە هەر بەشێکی بچووکی خەونەکانی ئەبوو. ناهومێدی تێشکان، مەرگ و ترس و ژان، لە گەلاندان و ڕێی دەربازبوونمان لە دەسیان نیە. هەر بەو توانایەی وا سوفوکل و شکسپیر بوویان دومرۆڤی لە سەرخۆو بەختەور و سەرکەوتوو راستیەکان هەرگیز لەگەڵ باوەڕەکاندا، یەک ناگرنەوە. ئەو مرۆڤەی بە دوای راستیەکاندا ئەگەڕێ دیارە بە شوین برێ وێک چوونە تازەکاندا دەگەڕێ کە دژایەتی نێوان ئاوات‌و راستیەکاندا ئەگەڕێ دیارە بە شوین برێ وێک چوونە تازەکاندا دەگەڕێ کە دژایەتی نێوان ئاوات‌و راستیەکان چاک بکاتەوە جاروئەکاتە تراژێدیا. سێ چەشن کەسایەتی جوربە جۆر لە هەوڵی سروشت خوازاندا (ناتوارلیست) بۆ گۆڕاندنی دەوروبەر، بەدی هاتوون و هەرسێکیان خولقێنەرانیان بەرەوەشتێکی سەرتر لە مادەپەرەستی زانستیانە هان‌ئەدەن: پاڵەوان ئەوەیە پێشتر لە کات و ساتی خۆی بژی مرۆڤێکی زەبوونی شەرخواز وا بەشێکی بچووک لە دەسەلات رزگارئەکات و سەرکەشێکی نائومێدی واکە حەزی لە روخاندنە.



تراژێدیا پەسەندی سروشت خوازانی کۆن نەبوو. وەک ئەزانین. ئەوان هیواداریە ساکارەکەی چەرخی ویکتوریایان رەد کردەوە، بەڵام لە سای ئاوەزو زانستی پەیگیرەوە هەستیان بەوە ئەکرد ئەتوانن ژیانێک لە ئاساتی مرۆڤایەتیدا بۆ بەشەر سازبکەن. ئەمانە وایان بیر ئەکردەوە: تراژێدی هەر روانگەیەکی رەش بینانە بەدسی ئێنێ. بەم حاڵە شەوە کاتێ گەرەکە هەزارو پرمەترسیەکانی شارەپیشەسازیەگەورەکانیان دی، بۆیان دەرکەوت تازەکردنەوە تێ کۆشانی چەند بەرەی پێویستە. هەروەها لە شوێنێکی وەها داکەس ئەبەزێ بێ ئەوەی تەقالای بێبرانەوی سودی بیێت. لەم روانگەدا، ئەوان پاڵەوانێکی تراژێدیای نوێیان دۆزیوەتەوە نەک قوربانیەک بەڵکو کەسێک کێشەی کۆمەڵ ئەبینیت و هەوڵی گۆڕانکاری بۆ ئەدا.

# EUGEN O'NEILL (1888-1953)

# یووجین گلادستون ئونیل

بێ‌شک ڕۆڵەی ڕاستەقینەی شانۆیە. ناوبراو کوڕی «جیمز ئۆنیل» ئەکتەری بە ناو بانگ و کۆنەکاری ڕێبازی ڕۆمانتیکی شانۆی ئەمریکا بوو کە لە ١٦ی ئۆکتۆبری ١٨٨٨ لە شاری برادوەی لە دایک بووە ئۆنیل هەرلە سەرەتای ژیانی‌دا لەگەڵ شانۆ و ژیانی پشتی سەحنە شارەزا بوو، دوای تەواو کردنی دەورەی سەرەتایی قوتابخانە لە زانسگای «پرینستۆن» درێژەی بە خوێندن دا بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دەستی لێ بەرداو بە شوێن نیش و کاردا ئاوارە بوو ماوەیێک لە «هندووراس» دوای «دوزینەوەی‌زێڕ» کەوت پاشان لە کارخانە جۆراوجۆرەکانی ئەووڵاتە سەری بە نیش و کار قاڵ بوو، دوای ماوەیێک بە هۆی ئەوەی وا کاریگەری کەشتی بوو ڕوی کرد لە ئارژانتین و ئەفریقای باشوور و بریتانیا پاشان بووە هەواڵدەری «نیو لەندەن تەلگراف»... لە ناو ئەم هەموە ئەحواله ناخۆشەو نالەباره‌دا بو، کە نەکبەتی و ڕۆژەڕەشی مرۆڤی لە ناو کومەڵگادا ناسی‌و بەگیان و بە دل هەستی پێ کرد. ناو براو نووسینی «مادە»ی لەو شەش مانگ‌دا کەلە نەخوش‌خانە بوو دەست پێ کرد پاشان چووە هاروارد و خەریکی خوێندن بوو، لە ساڵی ١٩١٤دا یەکەم کتێبی کە بریتی لە چەن شانۆ بوو بە ناوی «توونیەتی» لە چاپ درا زۆربەی نوسراوەکانی ئونیل بیرەوەری نیش و کاری ئەو لە کەشتی‌دا بوون شکاندنی کەشتی بە هۆی کێوی سەهۆل، یان بەشەڕ هاتن دەگەل شەپۆلی قورسی زەریاو توورەیی‌و گەرمای کوورەی کەشتی و...

تراژیدی یونانی، تراژیدی چارەنووسە، چارەنووسی مرۆڤ لە ئیرادە ئەودایە و قارەمانانی تراژیکی بوونان و شێکسپیر لە ڕیگای مردن، خودایانی خۆیانی‌یان ئارام دەکردو بە ئاکام‌دا بە ئازادی دەگەیشتن، بەڵام ئونیل لەگەڵ کەسانێکدا ڕووبەڕو بوو کە پێیان وابوو چارەنووس لە ژیانی مرۆڤ‌دا هیچ ڕۆڵێکی نیە هەربەو بۆنەوە تراژدی «مروڤی تەنیا»ی نووسی‌کە واتە چارەنووسی مرۆڤ لە هۆرموون و ڕنێنی ئەودایە مرۆڤ خوی چاوەنووسی خۆیەتی، کەوابوو ئازادی مانایێکی نیەو تەنانەت شتێکی بچووکی بێ قابیل توانایی ئەوەی هەیە گەورەترین و دل تەزێن‌ترین ناکوکی‌و پێک‌ێنێ. بە ڕای ئونیل

مرۆڤ لە جێگای بەرزی خۆی دەکەوێتە خوار دێتە ڕیزی ماشێن شەخسیەتەکانی ئونیل بە نیو چنگۆلەی ئاسن و ماشێن‌دا دلین. ئاردەیێک کە لە نیو زنجیرو دەندەکانی ماشێن‌دا ورد دەبن لە نیو دەچن. ئەوان قوربانی جیهانێکن وا بە دەستی خۆیان سازیان کردوە. ئەوان منداڵانێکن کە لە نێو دارستان و جەنگەڵی بێ‌بایەخ‌دا سەرگەردانن. ئەوان بەهرەی دەوروبەری خۆیانن و هەموو کەس لە گەڵ دونیای ئەوان بیگانەن.

ئۆنیل لە زۆربەی ڕێبازە هونەریەکاندا شتی نووسیوە لە ئەکسپێرسێونیزمەوە «مەیموونی تووکن» هەتا «ریالیزم»: «هەموو منداڵانی خودا پەر دەردەکن». لە کتێبەکانی دیکەی ئۆنیل دەتوانین ئاماژە بکەین بە «بۆڵای کاردێف» «پێش لە ئاشتا» «ڕۆنی ئەهەنگ»، «لە بەرەی شەڕ»، «سەفەری دوورو درێژ لە نیشتمان» و «ئەوپەری ئاسۆ» (بەرندەی خەڵاتی پۆلتیزەر ١٩٢٠)، «ئاناکریستی» (پۆلیتزێر ١٩٢٨) «پاشا جونز»، «یەکەمین پیاو»، «هەڵوێسی سەیرە» (پولیتزێر ١٩٢٨)، «سیری درێژی ڕوژلە شەودا» کە لە دوای مردنی، لە چاپ درا و بۆ چوارمین جار خەڵاتی «پولیتزێر»ی کردە ئەسیبی ئۆنیل. هەروەها لە ساڵی ١٩٣٦دا خەڵاتی ئەدەبی نۆبل بە هۆی عومرێک کاری ئەدبی بە ئونیل دراو لە ٢٧ی نوامبری ١٩٥٣ دوایی ساڵەهای ساڵ نەخوشی لەیەکێک لە «هۆتێلەکانی بۆستۆن» کۆچی دوایی کرد.

بەردەنووس:

شانۆ، زمانی گەلێکی تایبەت
نیە، بەڵکوو ڕاستەقینەترین و
زیندووترین بەڵگەی
شارستانیەتە. تاقە
ئاڵوگۆڕی ئازادیشە لە
دونیادا، واتە ئاڵوگۆڕی
هەست و بیر.

لویی ژۆوە

Scanned with CamScanner